# (لە تێزاب ڕشتنەوە .. بۆ قێز کردنەوە و شەڕانگیزی)

نووسینی:شێرزاد حەسەن

تێزاب ڕێژەکان " جگە لە کۆمەڵێك گەنجی تووڕە و داخدار و سەرکوتکراو هیچ کەسێکی دیکە نین ، ئەویشیان وەك دیاردەیەك بەر لە " ڕاپەڕین " هەر هەبووە ، بەڵام چۆن مەسەلەی " کوشتنی ژن لە سەر شەرەف" لە دوای ڕاپەڕینەوە وەك دیاردەیەك زەق بۆوە ، هەر بە هەمان ئەندازەش دیاردەی تێزاب ڕشتن بە قاچ و قولی کچان و ژناندا بوو بە جێگەی باس و خواسی زۆر لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان .دیسانەوە بێ سەروبەری باری ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەم ناوچەیە و نەبوونی هیچ فەلسەفەیەکی دیاریکراو و هاوچەرخ و خۆ سەرقاڵکردنی حیزبەکان بە هەندێك مەسەلەی تاکتیکی و هەنووکەیی ، نەبوونی ستراتژێکی درێژخایەن و دۆڕانی گەورەمان لە هێنانە دی دروشمەکانی ڕاپەڕین و پێش ڕاپەڕین ، بێ توانایی حیزبە چەپ و سێکیولار و(SECULAR) ڕادیکال و بگرە ریفۆرم خوازەکانیش لەوەی ئەو گەنجە زۆر تووڕەو داخدارانە بگرنە باوەش و بە فەلسەفەیەکی تازە گوشیان بکەن وایکرد کە بە هەزارەها شێوەی دیکەی نابەجێ تەعبیر لەو تووڕە بوونە بکەن ، لە هەڵاتن و پەڕینەوە بە نێو کێڵگە مین ڕێژکراوەکانەوە ڕووەو هەندەران تا دەگاتە تێزاب ڕشتن هەر هەمووی دەربڕی دۆخی نائارامی نەوەیەکە کە "شۆڕش و ڕاپەڕین " نەیتوانی سادەترین وەڵام بە داخوازییەکانیان بداتەوە ، نەبوونی دەروازەکانی تەقاندنەوەی ئەو وزە شاراوانەی گەنجەکان بە "نێر و مێیانەوە " ، نەبوونی هیچ کەناڵێك بۆ دەربڕینی ئەو هەموو قەهر و نائومێدییە، نەبوونی ئەو مەڵبەندانەی کە دەکرا لەوێدا بەهرەی فیکری و ئەدەبی و هونەری و ڕۆحی وەرزشەوانی خۆیان تێدا تاقیبکەنەوە ، مانەوەی پرۆگرامی زۆر کۆن و مردووی سیستەمی پەروەردە و لێك جیاکردنەوەی نێر و مێیەکان لە یەکدی و دروستکردنی دیواری ئەستوورتر و بڵندتر لە نێوانیان : ئەمانە و دەیەها هۆکاری تر بەس بوون بۆ ئەوەی نەوەیەکی نائومێد و تووڕە لە دوای ڕاپەڕینەوە پەیدا بێ کە نێوان کۆچ و سەرهەڵگرتن و خۆکوشتن و تێزاب ڕشتندا ڕابمێنن ، نا ئومێدی گەورەی پاش ڕاپەڕین لە گۆڕانی گەورە ، بە تایبەتی لە سەر ئاستی نەتەوەیی و چینایەتی ، دواجار هەرەسی پرۆژەی کوردایەتی یان گومانکردن لە هاتنەدی خەونی نەتەوەیی بەوەی کە شەڕی گروپ و حیزب و لایەنە کوردییەکان بەرپا بوو , دەکرێ بڵێین ئەمەیان ئەو " پووشە بوو کە پشتی حوشترەکەی شکاند"

پرسیاری یەکەم ئەوەیە : ئەو تێزاب ڕێژانە کێن ؟ لە کوێوە دێن ؟ بۆ وا دەکەن ؟ هەر بەو ژمارەیە دەمێننەوە یان زیاد دەکەن ؟ چۆن بتوانین شووشەو سرنجی پڕ لە تێزابەکانیان لێ وەربگرینەوە ؟ ئەو هەموو ڕق و کینەیە دەرهەق بە توخمی (مێ) لە کوێوە هاتووە ؟ سەرەتا لە تێزاب ڕشتن بە قاچ و قولی یان پێ و پووزی کچەکانەوە دەستی پێکرد ، کەی دەگاتە دەم و چاو وەك ئەوەی لە " بەنگلادیش" باوە ئایا مەسەلەکە بەتەنها لە بڕوایەکی ئاینییەوە هاتووە کە پێیان دەڵێ: ئەمەیان جەنگە دژی بە بەڕەڵڵایی و فەسادبوون؟ ئەرێ ئەوانە ئەرکێکی خواهانە بە ڕێوە دەبەن یان کەسانێکن کوژراوی جوانی و کەچی هەر خۆیان جوانی دەکوژن؟ ئەوانە لە هەوا و هەوەسی خۆیان دەترسن یان لە جوانی کچەکان ؟ ئەو گەنجانە ژنان و کچانی سەر جادە و کۆڵانەکان ناشرین دەکەن تا پەری–یە جوانەکانی بەهەشت ببەنەوە ؟

لە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەدا من بۆنی – دوژمنکاری و شەڕانگێزی و قێز لێکردنەوە – دەکەم ، بەڵام بۆ هەمیشە دوژمنکاری و شەڕانگێزی پێویستی بەوە هەیە کە هەق بدا بە خۆی ، هەر کردەیەك کە دەیەوێ بیسەلمێنێ ڕەوایە ، لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ ئەوەی پاساوێك بۆ ئەو کردارە بدۆزێتەوە ، بە درێژایی مێژووش ئەو پاساودان و هەقە لە ڕێ ی ئایدۆلۆژیایەکەوە فەراهەم بووە ، جا چ دونیایی و چ ئاسمانی . بەر لە هەموو شتێك گەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە تەماشای ئەم دیاردەیە بکەین و ئەو ڕق و کینەیەی گەنجەکان بخوێنینەوە ، ڕق و کینەیەك کە دەنێو ڕۆحیاندا پەنگی خواردۆتەوە و دەیەوێ بتەقێتەوە ، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە کچان و ژنان بە گشتی و ئەلمۆدەکان بە تایبەتی بابەتی قێز لێکردنەوەی ئەو تۆڵاز و لاوانەن ، قێز کردنەوەش لە توخمی مێینە وەك بابەتێکی سێکسی هەر لە خۆیەوە نەهاتووە و دەبێ پێشینەیەکی هەبێ ، لە (کۆنەستی ، لاشعوری جەمعی) هەر یەکێك لە ئێمە دا ، هەر لە سەردەمی منداڵیمانەوە ، ئافرەت وەك بوونەوەرێکی فریودەرو گوناهکار وێنا کراوە ، هەر لە زووییکەوە بە چیرۆکی (فریوی حەوا بۆ ئادەم) ئاشنامان دەکەن،

ئەوەشیان هەر بە تەنها لە دیدگای ملیۆنەها کەسدا  نە چیرۆکەو نە ئەفسانە ، بەڵکو دەنێو ماڵەکاندا : لە سەر زمانی دایکان و باوکان ، هەم دەنێو پۆلەکاندا : لە سەر زمانی مامۆستاکان : هەر لە قوناغی سەرەتاییەوە ، وەکو حەقیقەتێك بە ئێمە دەوترێتەوە، کەواتە ناکرێ بە تەنها هەڵگرانی ئایدۆلوژیایەکی تایبەت تاوانبار بکەین و کۆی سیستەمی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێ دەربهاوێژین و وەك بێگوناه سەیری ئەو سیستەمە بکەین و وا بزانین کە ئەوە ئەوانن کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی ناحەزان ، هەتا گەر ئەم تێزابرشتنە بە فیتی (توندڕەوەکان ) یشەوە بێت ، نابێ کۆی سیستەمی فیکری و سیاسی ئەم قۆناغە فەرامۆش بکەین کە دیارە ئەوانیش لە لێپرسینەوە و گوناه دوور ناخرێنەوە ، لە راستیدا دەبێ سیستەمی حوکمڕان بخرێتە ژێر پرسیارەوە ، نەك بە تەنها هێز و لایەنێك. بە رای من نوشوستی بیری چەپخوازی و نەتەوەپەرستەکان و نەدۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش لە گەڵ نەوەی تازەدا ، سستی پرۆسەی پەروەردەکردن و بە دەنگەوە نەهاتنی داخوازی و خەونەکانیان بۆتە مایەی هەڵگەڕانەوە و نائومێدییەکی گەورە ، ئێمە نەمانتوانی ئەو نەوە خوێنگەرمە بە ئایدۆلۆژیایەکی پێشکەوتووخواز ئاراستە بکەین ، فەرامۆشکردنی ئەو تۆیژە زۆر بەرفراوانە وایکرد لاوەکانمان دەنێو گۆشە تاریکەکانی ژیاندا هەم خۆیان نەدۆزنەوەو هەم خۆ بشارنەوە ، هەر ئەو گەنجانە کە تووڕەو نائومێد و داخدار و سەرکوتکراون ، کە دوورن لە سێکس و سۆز و خۆشەویستی، واش ئاراستە دەکرێن کە (شەهوەت) بە تەنها دەنێو ژیانی خێزانداریدا دابین دەکرێ ، چونکە شەهوەت لە دیدی ئەواندا سەر چاوەی هەموو فاحیشەت و گوناهێکە ، رێدان بە بەڕەڵلا کردنی ئەو وزەیە رێخۆشکردنە بۆ ئاژاوە و (فیتنە و فەساد و فسق و فجوور) ، هەر بۆیە دەبێ وزەی سێکسی و شەهوەت وا ئاراستە بکرێ کە ئاسمان پێی خۆشە ، کەواتە گەورەترین کارەسات و ئاژاوە دەرکەوتنی ژنان و کچانە بەسەرکۆتی و کراسی کورتەوە ، ئەوەیان سەرەتایەکی ترسناکە بۆ وروژاندن و هار کردنی ئەو شەهوەتە ، ئەو حەز و خولیایە بۆ ئەو هەموو گەنجە وا زوو دەنێو چوارچێوەی خێزاندا دابین ناکرێن ، دەی کەواتە : سەرجادەکان و ناو کۆڵانەکان و بازاڕەکان و باخچەکان و ریمەکان و پاصەکان سەیرانگاکان و چێشتخانەکان و قوتابخانەکان و زانکۆکان دەبنە گۆڕەپان و سەرچاوەی وروژاندنی شەهوەتێك کە هیچ بوارێکی نییە بۆ تێربوون و خەفەکردنی ، دواجار لە سەرەوەڕا بڕیار دەدرێ کە بۆ بنەبڕکردنی ئەو (فسق و فجوور) ە سوپایەك لە خۆبەخشکەریان دەوێ تا بازاڕو سەرجادە و قەیسەری و کۆڵانەکان لە سەرچاوەکانی (شەهوەت و فیتنە) پاك بکەنەوە، دیارە ئەوانیش ئەو ژن و کچانەن کە جار و بار بۆ کڕینی پێویستییەکی ناوماڵ یان ژنانە بە کۆڵێ شەرم و ترسەوە دێنە بازاڕ ، یان ئەو کچە زۆر شەرمنانەی شارەکانی کوردستانن کە لە تەریقیان سەر هەڵنابڕن و ساتمە لە پێی خۆیان دەکەن و لە نێو قەفەزی ماڵەکانەوە دێنە دەرێ و روو لە پۆلە سارد و سڕەکان دەکەن. ئەوانە ئەو کەسانەن کە دەبنە نێچیری ئاسان راوکراوی ئەو راوچییانە، مەسەلەکەش پەیوەندی بەوەوە نییە ئاخۆ ئەو ژن و کچانەی دێنە بازاڕ ناشرین یان جوانن ، ئەوەندە بەسە کە ئەوانە خاوەنی ئەو سیحرەن کە ئارەزووی هارو هەوەسی شێتانەی پیاوەکان وەئاگا دێنن . ئەوان لەو کۆمەڵگایە دامەزراوو قورمیش کراو و کپ کراو و سیستماتیك کراو و دیسیپلین کراوە دەترسێن کە دەکرێ سەرەتای هەڕەشەی رووخاندنی لەوەوە بێ کە ژنان بە بێ پەچەو و عەبا دێنە دەرێ ، لە دیدی ئەوانیشدا وزەی سێکسی یان (لیبیدۆ) کە سەرچاوەی شەهوەتەکانە دەبێ لە خزمەتی دامەزراندنی کۆمەڵگادا بێ ، نەك بە تەنها لە وەئاگاهێنان و وروژاندنی ، لە خەیاڵی ئەواندا کۆنترۆڵ نەکردنی ئەو  هەوا و هەوەس و غەریزەیە واتە بەرەڵلا کردن و واز هێنان لە وزەیەك کە ئەگەر ئاراستە نەکرێت، رەنگە بە دوای خۆیدا وێرانەیەك بەجێبهێڵێت ، بەڵام هەموو ئەو پیاوانەی کە (ئایین و کەلتوور) فێریان دەکا وا بە ترسەوە لە ژنێکی (ئەلمۆدە – سفوور) بڕوانن ، بە تەنها ترسێك نییە لەوەی ئەخلاق – مۆراڵ – دەڕمێ و لە ناو دەچێ ، بەڵکو ئەوە بە تەنها حاڵەتێکی فۆبیاییە (ترس و تۆقین) ، فۆبیا لە سێکس خۆی ، هەر ئەو لاو و تۆلاز و پیاوانە لە یادیان دەچێ کە کپکردنی وزەی سێکسی و شاردنەوەی (مێ) و تەقەت کردنی لە ژوورەکاندا وا دەکات کە پیاوان ئەوەندەی دیکە هارتر بن ، بۆیە هیچ نێرێکی لای خۆمان نییە کە بەردەوام خەیاڵێکی (خلاعی) نەبێت. شاردنەوەی (مێ) و تەقەتکردنی لە ژوورەکاندا وا دەکات کە پیاوان بە هەزار و یەك جۆر وێنەی ئەو ژن و کچانە بێننەوە ناو خەیاڵی خۆیان ، هەر بۆیە هەمیشە لە لای ئێمە خەیاڵ هێور و پاك و پاراو نی یە ، پڕە لەو وێنانەی کە دروستکردنیان جگە لە بێبەشی لە هاوسۆزی و خۆشەویستی هیچی دیکە نییە ، هەر هەمووی دەرئەنجامی لێکدابڕانی ئەو دوو توخمەیە لە یەکدی . بیرمان نەچێ کە رۆحی شەڕانگێزییەکی زۆر کە لە نێو رۆحی پیاوەکاندا هەیە ، بەتایبەتی لای لاوەکانمان هەر دەگەرێتەوە بۆ کپکردن و خنکاندنی ئەو وزە زۆرەی کە بە سەد کۆت و بەند کۆنترۆڵ کراوە . بە درێژایی مێژوو کەڵك لەو وزە خنکاوە وەرگێراوە کە دواجار بۆتە هۆی خولقاندنی رۆحی شەڕانگێزی و واشی کردووە بە ملیۆنها گەنج لە بەرەکانی جەنگدا خۆ بە کوشتن بدەن ، راستە کە بە ناوی ئایدۆلۆژیایەکی پیرۆزی ئاسمانی یان سەرزەمینییەوە بووە ، بەڵام گرنگ کۆنترۆل کردن و ئاراستە کردنی ئەو (وزە

خنکاوە) یە کە ئەو وەختەی بە رێی سروشتی خۆیدا ناتەقێتەوە، شێوەی دیکەی بەتاڵکردنەوە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە کە دەکرێ دواجار بە خۆ وێرانکردن کۆتایی بێ ، بە کارهێنان و بە گەڕخستنی هەزارەها گەنجی تووڕە بە مەرامی وا نابەجێ ئاسانە و .. لە خۆ بە کوشتندانەوە تا دەگا بە تێزاب رشتن . لە نێو کەلتووری باوی ئێمەدا حەڵاڵ و حەرامی سێکسی نابنەوە بە کۆمەڵێك کار وبار مۆڕاڵی تاکەکەسی ، بەڵکو دەبێ کەسانێك هەبن ، یان رژێمێك کە بە زەبری ئایدۆلۆژیایەك رێ و رەسم و یاسا بۆ کۆنترۆل کردنی ئەو وزە و غەریزەیە دابنێت ، دیارە لە رۆژئاوا تەعبیرکردن لەو غەریزەیە مەسەلەیەکی تاکە کەسییە و هەر ژنێك و پیاوێك خۆی خاوەنی مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەم وزەیە و جۆرەها شێوەش بۆ تەقاندنەوەی ئەو وزەیە هەیە ، نێر و مێ خاوەنی رۆح و لەشی خۆیانن ، کەسێکی دیکە بۆی نییە قسە لەسەر ئەو خاوەندارییەتییە بکات ، وەلێ لە لایەن ئێمە پەردەپۆشکردنی ژنان و کچان و شاردنەوەیان لە ژێر پەچە و عەبا و چارشێو و لەچکدا بەشێکە لە پاراستنی ئەخلاق و شەرەفی خێزان و کومەڵگا ، ئەو جۆرە پیاوانەی کە وا دەروانننە ئەم وزەیە و ئەوەندە لێی دەترسن ، چیتر بڕوایان بە هۆش و گۆش و ویژدانی مێ و نێرەکان نەماوە ، شتێك نەماوە پێی بوترێت رەفتاری شارستانیانە ، کەواتە لێك جیا کردنەوەی نێر و مێیەکان دەنێو قوتابخانەکاندا ، سەرپۆش پێ لەبەر کردن ، بەند کردنیان لە ماڵەوە ، چاودێری بەردەوام ، ترساندن و ئامۆژگاری تا دەگا بە کوژاندنەوەی تەلفزیۆن لە سەر فلیمێکی ئەڤینداری ..هتد. هەر هەمووی کۆمەڵێك هەوڵن بۆ دوورخستنەوەی مەترسی تێکچوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان . کەواتە بۆمان هەیە بپرسین : ئەوە کێیە کە پتر لەو (وزە) یە دەترسێت : پیاوانن یان ژنانن ؟ ئا لێرەوە دەبێ لە رووی سایکۆلۆژییەوە قسە لەسەر ترسی پیاوان خۆیان بکەین ، چونکە لە کەلتووری باوی ئێمەدا پیاو (بکەر – فاعل) وە ژن (بەرکار – مفعول بها) یە، وەلێ لەم روانینەدا وا دەردەکەوێ کە سیحری ژن وا دەکات کە ئەو رۆڵی (بکەر) ببینێ و پیاو (بەرکار) بێ ، هەر بۆیە کچان و ژنان کە ئەوەندە کاریگەر و سیحرباز و ئەکتیڤ بن ، پیاوان ناچار دەبن کە بازاڕ و سەر جادە و ناو کۆڵان و دەزگاکانیان پێ چۆل بکەن ، نموونەی بەرجەستەش ئەفغانستان –ە ، (قاسم ئەمین) وتەیەکی بە جێی هەیە ئەو وەختەی دەڵێ – ( ئەگەر ئەوەی کە پیاوان لێی دەترسن ئەوە بێ کە ژنان بەرگری سیحری نێرینەیی ئەوان ناگرن ، بۆچی خۆیان لەچك ناکەن ؟ " دواجار بە قۆشمەوە کۆتایی بەم قسەیە دێنێ " ئەگەر پیاوان بۆ خۆیان توخمە زۆر لاوازەکە بن ، کەواتە ئەوان پێویستیان بە خۆپاراستن هەیە ، لە ئاکامدا دەبێ ئەوان خۆ داپۆشن" . ئەو یاسایەی رێگا دەدا پیاوێك چەندین ژن لە ماڵێکدا وەك کەنیزەك رابگرێ ، کور و کچانی قوتابی لێکدی جیا بکاتەوە، پاسی ژن لە هی پیاو جیا بێت. هەر خودانی هەمان یاسایە کە شەڕانگێزییەکە قووڵتر دەکاتەوە و لە شێوەی (تێزاب رشتن) بە قاچ و قولی کچاندا تەعبیر لە گەورەترین ترسی خۆی دەکات ، ترس لە جوانی ، جوانییەك کە بە قەناعەتی ئەوان مایەی فیتنەیە ، لە لای هەموو ئەوانەدا بە تەنها وێنەی ژن وێنەی (حەوا) یەکە کە (ئادەم) فریو دەدا و لە بەهەشت دوورمان دەخاتەوە . لێرەدایە کە بازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و شارۆچکەکانی دیکە دەبن بە گۆڕەپانی ڕاو ، ڕاوی کوڕێکی کەودەن بۆ کچێکی بێئاگا لە خۆی ، کوڕە بۆ هەمیشە هێرش بەرە و کچەش هەمیشە پاسیڤ و بێ دەسەڵات ، کوڕەی یان پیاوەی تێزاب رێژ لەزەت لەوە دەکات کە دوای چەند دەقیقەیەك کچەکە پێدەزانێ کە جلەکانی بەری سووتاون و تێزاب گەیشتۆتە سەر گۆشتەکەی ، پەیتا پەیتاش ئەو پیاوانەی فەتواکان دەردەکەن و ئەو کوڕانەی تێزاب دەرێژن لە شەقام و سەر جادە و ناو کۆڵان و بازاڕەکان ورد دەبنەوە و کەیف ساز و دڵخۆشی ئەوە دەبن کە خەریکە هێدی هێدی لە ژن و کچە ئەلمۆدەکان پاك دەبنەوە (دیارە ئەم حاڵەتە لە هەولێر پتر وەدەردەکەوێ بە بەراورد لەگەڵ سلێمانی و دهۆك) ، ئەوەش هۆی خۆی هەیە کە ئێرە جێگەی باسکردنی نییە . کەواتە کوڕەکان دەبنە ڕاوچی و کچەکانیش نێچیر ، بازارەکانی کوردستانیش دەبنە گۆڕەپانی جریتبازی و ڕاوڕاوێن ، هەر ئەوەش خۆی گەوهەری روانینی زۆرێك لە پیاوان و ژنانە بۆ یەکدی . کەم نین ئەو پیاوانەی کە لە کەلتووری ئێمەدا بڕوایان وایە کە ژن بوونەوەرێکی ماسۆشییە و حەز لەوە دەکا ئازار بدرێت ، چ لە سەر جادە و چ لە نێو پێخەف ، تەعبیرکردن لە سادییەتی پیاوان لە نیگایەکی شەڕلنگێزانەوە دەست پێدەکا ئەو وەختەی لەسەر جادەکان یەکدی دەبینن : لە پلارێکی نابەجێوە بیگرە تا دەگا بە تێزاب رشتن و لووت برین و سەرتاشین و کوشتن ، بەڵام بە دیوی ئەودیویشدا ، لێرە و هەنووکە ، پیاوەکان لە نێو کۆڕو کۆبوونەوەکانی خۆیاندا خۆ بە نێچیر دەزانن و ژنان بە ڕاوچی ، ئەوان نێچیرن چونکە بەرگری جوانی و سیحری کچەکان و ژنەکان ناگرن . "فریوی ژن گەورەیە" وتەی پیاوانی دەم پڕ لە فەتوایە و هەموو کاتێکیش چیرۆك و وێنەی (یوسف) مان بیر دەخەنەوە کە تیایدا (زولەیخا) دەبێ بە ڕاوچی و (یوسف) نێچیرە ، ئەوەتا کراسەکەی (یوسف) لە پشتەوەڕا دەدڕێ ، نەك لە پێشەوە ، ئەوەش بەڵگەیە کە وا دەکا ئەو وێنەیەمان لە لا زەق بکاتەوە کە بڕوا بەوە بێنین ئەوە (زولەیخا ) کانن کە پەلاماری (یوسف)ەکان دەدەن و لە خشتەیان دەبەن ، لەوێشدا دیسانەوە هەر (جوانی) یە کە مایەی فیتنەیە ، جوانی یوسف ، کەواتە جوانی لێرەدا نێر و مێی بۆ نییە ، هەڵبەتە لە روانینی

ئێمەدا دواجار جوانی کچێك هەزار ئەوەندەی جوانی کوڕێك مایەی ئاشووب و ئاژاوەیە ، ئەوە (حەوا) بوو وای کرد پیاوەکان بەهەشت بدۆڕێنین ، ئەوە هەر کچانی (حەوا) یە کە دیسانەوە لێ ناگەڕێن پیاوانی سەر ئەم زەمینە بە پاك بوونەوەیان لە گوناهی یەکەم بۆ جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ناو بەهەشتی دۆڕاو ، هەر بۆیە هەرچی پەیوەندی بە (مێ) ەوە هەبێ شتێکی شەیتانییە ، ئەو شەیتانە کە دەچێتە بن کلێشەی (حەوا) و ئەویش (ئادەم) فریو دەدا تا لە درەختە حەرامەکە بخوات ، دەرکەوتنی هەر ئافرەتێکی جوان وەیادهێنانەوەی فریوێکی شەیتانییە ، جوانی ئەو تەنها بۆ خۆی نییە ، بەڵکو بۆ ئەوەیە لە دەرەوە فیتنە بخولقێنێ ، جوانی (مێ) تاقیکردنەوەی ویستی (نێر) ە کە بایی چەند نالەرزێت..

لە کەلتووری هەندێك لە میللەتانی رۆژهەڵاتدا ئەفسانەیەکی لەو بابەتە هەیە کە ژنێکی زۆر شۆخ لە شێوەی عفریت یان جنۆکە دەردەکەوێ ، ژنێك یان عفریتێك کە شەهوەتبازە ، سینە و مەمك گەورۆنە، لچ و لێو شۆڕ کە بەردەوام بە ناو کۆڵان و شوێنە تاریکەکاندا دەگەڕێ و پیاوان راو دەکا کە وەك (دێڵەبەبا) ناسراوە ، بگرە دەچێتە سەر جادەکان و ناوماڵەکانیش ، ئەم ترسە تەقلیدییە ڕەگ و ریشەی خۆی هەیە، هەر بۆیە سەیر نییە کە وێنەی ژن و کچەکانی سەرجادەکانی لای خۆمان تێکەڵ بە وێنەی جنۆکە و عفریتە هەوەسبازەکان دەکرێ، بۆ ئەوەش (فوندەمێنتالیستەکان) لاوەکانمان لە دوو مەترسی ئاگادار دەکەنەوە : مەترسی کافرەکان کە لە رێ رۆژنامە و کتێب و ڤیدیۆ و سەتەلایت و جل و بەرگی لەنگەوە دێنە ناومان، هەر بۆیە لە لای من سەیر نییە کە هەموو ساڵێك یەك دوو جاران بازاڕی لەنگە فرۆشەکان دەسووتێنن، چونکە کڕینی ئەو جۆرە بەرگە فەرەنگییە و پاشان پۆشینی سەرەتای گەورەترین فیتنەیە و تێکچوونی داب و نەریتی باوە. ترسی دووەمیش لە ناوەوەیە کە ئەویش ترسە لە ژن و کچەکانی خۆمان کە ئەگەر وا بە ئازادی و نیوە ڕووت بسووڕێنەوە رەنگە ببێتە مایەی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگا.

تێزاب رشتن لە ئازار و تلانەوەیکەوە دێت کە دەرئەنجامی خۆ خواردنەوە و گینگڵ و تەمەنێکی پڕ لە بێ بەشی و سەرکوتکردن و کپکردن و خنکاندنی هەموو مەیل و هەوەس و ئارەزووە ئادەمییەکانە ، بە تایبەتی ئارەزووە (ئێرۆسییەکان ) ، دەرئەنجامی وروژاندنێکی بەردەوامی گەنجەکان کە بە دوایدا هیچ رەحەتبوونێکی سۆزداری و سێکسی نایەت، تینوێتی هەمیشەیی و تێر نەبوون وا دەکات کە رقێکی گەورە لە دڵ و دەروونی ئەو لاوانەدا بخولقێنێ ، هەر دەنێو ئەو توێژەدا سەدها دەدۆزیتەوە کە لە بری تێزاب رشتن پەنا دەباتە بەر نووستن لەگەڵ ژنانێك کە دەنێو خەون و خەیاڵی خۆیاندا دروستی دەکەن ، لەوەدا دەبێ بڕێکی زۆر لە خەیاڵ بخەنە گەڕ کە دەکرا لە بوارەکانی داهێنان و هونەر و ئەدەب و زانستدا خەرج بکرایە ، ژمارەیەکی کەم لەو لاوانەش پەنا دەبەنە بەر خەوتن لەگەڵ سۆزانییەکاندا ، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە و لە شارەکانی کوردستاندا زۆر بە زەحمەت فەراهەم دەبێ، هەر بۆیە لە ئێستا و لە رابردوودا زۆرن ئەو کوڕە جەحێڵ و پیاوانەی روو لە پایتەخت دەکەن کە دەکرێ لەوێ بەختی زۆرتریان هەبێ لە راوکردنی سۆزانییەکاندا ، دیارە هەر بە هەمان رقەوە شەهوەتێك کە پتر ژەهری رقێکە و پەنگی خواردۆتەوە دەڕێننە ناو هەناوی ئەو ئافرەتە بەدبەختانەوە ، دیارە ئەم جۆرە پەیوەندییەش هیچ جۆرە هەست و سۆزێکی ئادەمیانەی لەگەڵدا نییە و زۆر جاران بە شەڕ کۆتایی دێ ، ئەو لاوەی کە تێزاب دەرێژێ و قاچی کچێك دەسووتێنێ تا دێ رق ئەستوورتر دەبێ، ئەوەشیان کە لەتەك سۆزانییەکاندا دەنوێ هەر هەمان رق و قێزی لە توخمی ژن هەیە و چی سادییەتی خۆی هەیە بەسەر ئەو ژنەدا دەڕێنێ و هەر وەك تەنەکەی زبڵ سەیری دەکا ، جگە لەوەش زۆرن ئەو پیاوانەی کە بە قەد شەیدا بوونیان بۆ گەیشتن بە ئافرەت ، بە دیوی ئەو دیودا بە قێز و بێزەوە لێی دەڕوانن ، هەر دوای بەیەکەوە نووستن بە قێز و بێزێکی تێکەڵ لە پاڵەوانبازی باس لەو خۆڕەحەتکردنە دەکەن . هەردووکیشیان : ئەوەی کە تێزاب دەرێژێ و ئەوەشی کە لەگەڵ ژنێکی نەدیتی و نەناسی دەنوێ: هەر دوو لا بوونەوەری زۆر زەبوون و تووڕەن ،سەرکوتکراون، هەردووکیان بە لەزەتەوە باس لە سەرکێشی و ئەو راوە دەکەن و بە چێژی دڕندەیەکەوە قسە لە سەر نێچیری خۆیان دەکەن، هەر دووکیان دوو حەکایەتخوانی گەورەن کە هونەرمەندانە درۆ و راستی تێکەڵ دەکەن و سیحر لە گوێگر دەکەن ، ئەوەندەی کە لەزەت لە گێڕانەوەی رووداوەکە دەکەن، ئەوەندە لەزەت لە رووداوەکە ، خۆی ، ناکەن ، بێ "فشەکردن" ناژین ، ئەوان هەر چەند باس لە سەرچڵی و پاڵەوانبازی خۆیان بکەن. دواجار زەبوونترین و کۆیلەترین بوونەوەرن، ئەگەر دەچنەوە ناو خەڵوەتی خۆیان، لەوێدا زۆر غەمبارن و هەمیشە هەستدەکەن دۆڕاون ، زۆر جاریش ئەوەیان کە بە ناوی خوداوە تێزاب دەڕێژێ و ئەوەشیان کە دژ بە هەموو بەهاکان شەهوەت دەرێژێت، زۆر بە ئاسانی جێ دەگۆڕنەوە، ئەوەندەی کە لە ڕووکەشدا وەك دوو بوونەوەری دژ بەیەك دەردەکەون، ئەوەندە پتر لە گەوهەردا هەڵگری هەمان ڕۆح و خەسڵەتن و زۆریش لەیەکدی دەچن، هەردووکیان دوو بوونەوەری فەرامۆشکراون و دوورن لە هەرچی سۆز و خۆشەویستی کە هەیە ، هەردووکیان هێرش بەرن، پەلامار دەدەن و زوو دەکشێنەوە

بێ ئەوەی لێبگەڕێن نێچیرەکانیان توانای هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێت، چونکە دواجار (نێچیرەکان) لە دیدی ئەو لاو و تۆلازانە نە ژنن و نە مرۆڤن، بەڵکو دەبنە بابەتێك لە بابەتەکان، بابەتێکی ڕق بەسەردا ڕژاو ،ڕەنگە بۆ هەرزەکارێکی ئینگلیزی یان فەرەنسی ڕق ئەستوور بەرامبەر بە ژن کە بە قێزەوە لەو توخمە دەڕوانێ و دەیەوێ ئازاری کچێك یان ژنێك بدات، زۆر جاران وا ڕێکدەکەوێت کە مێینەیەك هەڵدەبژێرێت کە گەیشتن پێی یان ئازاردانی زەحمەت بێت ، چونکە نەك هەر لێرە ، بەڵکو لە هەندێك لە وڵاتانی ئەمەریکا و ئەوروپادا کە دەکرێ بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتدا ( سێکس – Sex) فەزایەکی کراوەی لەبەر دەمدا هەبێ ، کەچی ژمارەیەکی بەرچاو لەو لاو و تۆلازو پیاوانە هەن کە لە وەڕسی و بێزاری خۆیاندا ، لە ڕێی جۆرێك لە ڕەفتاری دڕندانەدا تەعبیر لە خۆیان دەکەن، بە دوای ڕاوکردنی کچۆڵەکاندا وێڵن، دیارە ئەو کچانەی کە ئاسان خۆ بەدەستەوە دەدەن دەبنە مایەی قێز و بێزی ئەو لاو و پیاوە ڕاوچییانە، خۆتێرکردنێکی سووك و ئاسان و بەپەلە و ئاست نزم هەستێکی گوناهبارانە لە لایان دەخولقێنێ کە دواجار هەر ئاراستەی ئەو کچۆڵە کاڵفامانە دەکرێتەوە، زۆرن ئەو چیرۆکانەی کە لەم جۆرە حاڵەتە هیستریا–یانەدا بە کوشتن کۆتایی هاتووە، ملکەچکردن و بێباکی کچەکان بە تەنها لە پای (خۆشی و لەزەتەوە) نایە، بەڵکو جۆرێکە لەوەی کە بە ترسێکی غەریزی گەورەوە دەچنە باوەشی ئەو تۆلازانەوە بە تەمای ئەوەن کە کوڕەکان سۆزیان پێببەخشن و بیانپارێزن، بەڵام بەیەکەوە خەوتنێکی وا بەپەلە کە هیچ پردێکی سۆزداری دروست ناکا و هیچ ئیرۆسییەتێك تێر ناکات، دوا ئاکامی هەر نائومێدی و خۆ ئامادەکردنە بۆ وەرزێکی دیکەی تینوێتی ، هەر لە تاو بێزاری و دەستبەتاڵی و نائومێدی و گرفتە ڕۆحی و پرسیارە بێ وەڵامەکانی ئەوانەوەیە کە چوونە ناو گەمەیەکی سێکسی ڕێگە خۆش دەکات کە لە هەندێك حاڵەتەدا بە قێز کردنەوە و تۆران و دڕندەیی کۆتایی دێت ، هەر وەك چۆن لەلای خۆمان گەنجەکان لە تاو بێزاری و دەستبەتاڵی و خەمۆکی پەنادەبەنە بەر تێزاب ڕشتن یان دەستپەڕ. کەواتە هیچ سەیر نییە بۆ لاوێکی کورد کە زیاتر پەنا دەباتە بەر کچێك یان ژنێك کە زۆر بەئاسان لەسەر جادە و کۆڵانەکان دەیگاتێ. دواجار ژنێك یا خود کچێك کە بە زەحمەت بیگەیەنێ لە دیدی ئێمەدا شەڕانگێز و نەخۆشە، ئەوەشی کە بە ئاسانی دێتە بەر دەستیان سۆزانییە و شایستەی تێزاب پێدا ڕشتنە، کە ئەوەیان ڕێك دیدی نەخۆشانەی ئێمەیە کە پڕە لە "دەمارگیری – نێرفوزە" ،ڕەنگە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو تۆلازو لاوانە سەر بە چینێکی ژێرەوە بن و نیشتەجێی گەڕەکە هەژارەکان بن ، جگە لەوەی کەدەکرێ ڕەگ و ریشەیان بگەڕێتەوە بۆ ئەو کوێرە گوندانەی تێکدران، بەڵام ئەوە بەوە مانایە نایەت کە کوڕانی شارنشین ، سەرلەبەریان ، دۆخی دەروونی و حاڵیان باشترە ، دیارە هەر ئەو گەنجە زۆر تووڕەو داخدارانە لە تەك ژمارەیەکی دیکە لەو کوڕە لاو و نیمچە خوێندەوارانە وەك کۆمەڵێك دوژمن سەیری ئەو کچە ڕێکپۆش و خاوێن و نازەنین و پڕ لە هەواو فیزانە دەکەن کە بۆنی ئەوەیان لێدێ لە خانەدانەکان بن، دەکرێ لە پشت هەر هێرشێکی نێر بۆ مێ (لە تێزاب ڕشتنەوە تا دەگاتە پلار تێگرتن) دەیەها هۆی ئاشکرا و پەنهان هەبێ، هەر لە ڕقی چینایەتیەوە بیگرە تا دەگاتە پاراستنی عەرشی خوا یان لاوازیمان لەبەردەم جوانیدا، دواجار شێوە و دەرکەوتنی تاوانەکانیش دەگۆڕێن: هەر لە پەلاماردانی سێکسی (بێ بن کردن) تا دەگا بە تێزاب ڕشتن و کوشتن، زۆرن ئەو فیلمانەش کە بابەتی سەرەکیان بۆتە مەسەلەی سێکس و بەوەش خەیاڵی زۆرێك لە لاوان دەوروژێنن، زۆرن ئەو گۆڤارانەی کە وێنەی ئافرەتی شەهوەتباز دەخەنە بەر چاوان کە دواجار وا دەکات لاوێك وا تێبگات کە هەموو ئافرەتێکی بەشەرم و شکۆش خۆی لەژێر هەر دەمامکێکدا شاردبێتەوە، لە ئاکامدا هەر سۆزانییە یان بەلایەنی کەم فریودانی ئاسانە، هەر بۆیە دەبینی پیاوان چ لە (ڕۆژهەلات) و چ لە (ڕۆژئاوا) دا لەسەر جادە و کۆڵانەکان پلار و قسەی ناشیرین دەگرنە ئەو ژن و کچانەی کە ڕاگوزەر بە لایاندا تێدەپەڕن، هەمان شت دەنێو پاس و شەمەندنەفەر و ریم و مێترۆکاندا دووبارە دەبێتەوە. ئەو ڕقە هێستریییە وا دەکات کە ئەو کوڕە لاوانە وەك ئەو تەنەکەی خۆڵە بڕواننە کچان و ژنانی لایدە کە بۆیان هەیە زبڵ و زاری تێ فڕێبدەن ، هەر هەمان ڕوانینی نەخۆشانەی پیاوانی ڕۆژهەڵاتە کە حەز دەکەن جگە لە ژن و خوشك و کچ و دایکی خۆیان، هەر هەموو کچان و ژنانی دیکە حەلاڵی خۆیان بێ، بە دیوێکی ناشرینتر هەموو دونیا سۆزانی بێ، هەر هەمان ئەو بۆچوونە سەقەتەیە وا دەکا پیاوان حەز بەوە بکەن لە ماڵەوە ژنەکانی خۆیان فریشتە بن و ژنانی غەیرەش هەر هەموو سۆزانی، بۆ حورمەتی درۆزنانەو ڕیاکارانەی کۆمەڵایەتی پاکیزەیەك ڕابگرێ و بۆ ناو پێخەفیش سۆزانییەك، زۆرن ئەو پیاوە ڕۆژهەڵاتییانەی کە بە تەنها لەگەڵ سۆزانییەکاندا سەربەستی سێکسیانەی خۆیان وەردەگرن، چونکە لە دیدی ئەواندا مەسەلەی سێکس ئەوەندە هیچ و سووك و قێزەونە کە تەنها لەگەڵ لەش فرۆشێکدا مانای خۆی وەردەگرێ ، هەر بۆیە ئەوان بابەتێکن بۆ تێربوونی سێکسی ، ئەو سێکسەی کە هەر لە سەردەمی منالییەوە لە بەرچاومان ناشیرین کراوە، بێز کردنەوە لە ئەندامەکانی زایەندە و سێکس قێزکردنەوەیەکە پەیوەندیدار بەو ڕوانینەی کە هەر لە هەمان ئەو ئەندامانەوەیە کە مرۆڤ پاشەڕۆکی خۆی لێیانەوە فڕێ دەدا. لە لاشعوری " نائاگاهی" ئێمەدا ئەم دوو وێنەیە زۆر خەراپ

تێکەڵ کراوە ، سەیر نییە کە سەروەختی "سووری خوێن هاتنی" ژنان و کچان بە سەروەختی "پیس بوون " دادەنرێت یان "بێ نوێژی"، لە کەلتووری ئێمەدا (ردێن هاتنی نێرینە و سووری خوێن) وەك سزایەك سەیر کراوە کە خودا بەسەر ئێمەدا سەپاندوویەتی لە پای کەتنی سێو خواردنەکەی باوکە ئادەم ، تووڕە بوونی خودایە لە ئێمە و سزایە لە سۆنگەی گوناهی یەکەم ، هەتا مەرگیش هەر هەمان سزایە بۆ ئەو گوناهی یەکەمە کە لە بەهەشت کردمان، کە دواجار بە فریوی (حەوا) بۆ ئادەم لە قەڵەم دراوە، کۆتایی پڕ لە مەرگەسات و تراژیدیانەی ئەو هەموو چیرۆکانەی عیشق کە بە مەرگ و لێکدابڕان کۆتایی دێ هەر بە تەنها ڕێکەوتێك نییە، دەکرێ یەکێك لە لێکدانەوەکان ئەوە هەڵبگرێ کە ڕۆمانسییە نەخۆشەکان هەروا بە هەوەس نییە کە لەزەت لە مەرگی ئافرەتانی عاشق دەکەن دەنێو چیرۆك و ڕۆمان و فیلمەکاندا، هەر دەبێ دیوێکی قێز کردنەوە و دوژمنکاری شارەوە بێ دەرهەق خودی مێینە ، مێیەك کە شەیدا و عاشقە و شەهوەتی ژیان و ئەڤین هۆش و گۆشی لێسەندووە، دەبێ دواجار سزاکەی هەر مەرگ بێ، خەیاڵ کردنەوە لە مەرگی کچێکی عاشق و لەزەت بینین لەو مەرگە ، مەیلێکە بە کوشتن. زۆرن ئەو پیاوانەی کە دوای نووستن لەگەڵ ژنێکدا دووچاری قێز کردنەوە دەبن، یان ئەوەتا لەو ژنانە دوور دەکەونەوە، پشتیان تێدەکەن و دەپرخێنن، هەتا خۆشۆرین دوای جووتبوون کە بە (غوسڵ) ناسراوە جۆرێکە لەو بڕوایەی کە  شتێك ئێمەی پیس کردووە کە بەتەنها ئارەقکردنەوە نییە، یان هەن دوای جووتبوون  بۆ بەیانی دواتر ژنەکانیان نادوێنن، هەروەك بڵێی شەرم لە شتێك بکەن کە نەدەبوو بیکەن ، یان لە بری ئەوەی نەرم و نیان بن ، توند و تیژی دەنوێنن، جاری وا هەیە نایانەوێ بیانبینن، ڕەنگە قێز کردنەوەی پیاوێکی زۆر ڕۆشنبیر لە ئافرەت دیوێکی ڕەوانی و ڕۆحی وەربگرێ بەوەی کە دەیەوێ لە بەردەم ئەو ئافرەتەدا پاشەکشێ بکا و شەرمی گەورەی خۆی بشارێتەوە، هەر بۆیە ئامادە نییە بچێتە ژێر بار و ملکەچی جوانییەکانی ئافرەتەکە بێت، دیارە لێرەدا مەسەلەی ترس و شەرم و قێز لێکردنەوەکە ناگاتە حاڵەتێکی شەڕانگێزی ، هەندێ جار دەنێو ڕۆحی هونەر و ئەدەبدا ئەو مەیلە سەیرانە وەدەردەکەون، بە ژمارە کەمن ئەو پیاوانەی کە بتوانن ئادەمیزادانە ئەو ژنانە بدۆینن کە بە ڕێکەوت تەنها جارێکیان بەیەکدی گەیشتبن و هەر لە دوای ئەوەوە بەیەکەوە خەوتنی بە دوادا هاتبێ. هەر ئەو بێز کردنەوەیە وا دەکات کە ژنان بۆ خۆشیان ڕوانینێکی کەمیان بۆ خۆیان هەبێ و هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا بژین، وای لێ بێ بێز لە خۆیان بکەنەوە ئەو وەختەی مانگی جارێك خوێن دەبینن، هەندێ جار ئازاری خوێن پتر دەربڕی حاڵەتی قەبوڵ نەکردنی ژن بوونە، لە هەندێك شوێندا من دیومە کە کچان و ژنان بە دزییەوە نان دەخۆن،  یان بە کۆڵێ شەرمەوە دەچنە ناو ئاودەستخانەکان، هەندێك لەو ژنانە بە سووکی سەیر دەکرێن، جگە لە سووکایەتی کردن بە خۆیان و شکاندنی شکۆی ئادەمیانەی خۆیان هیچی دیکە نییە ، هەر ئەوەشە وا دەکات ژنان و کچان بەردەوام بە گومانەوە لە خۆ بڕوانن. هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بن و دوودڵ بن لەوەی کە ئاخۆ بە چ شێوە و هەیکەلێك پیاوان ئەوانیان قەبووڵە: مەمك بچووك بێ یان گەورە؟ کەفەڵ پان یان باریك؟ ماسولکە شل یان تورت؟ بەردەوام ڕەنگەکانی قژ دەگۆڕێ و ئەبرۆکانی چاك دەکا و لە خەمی لابردنی تووکی سەر مەچەك و قاچییەتی. کەچی پیاو بە هەمان ئەندازە ئەو دڵەروکێیەی نییە، بەتایبەتی لای خۆمان، چ باکی بەوە هەیە ژن ورگی هەبێت یان نا، کەچی  ژن دەبێ سەد و یەك داوو دەرمان بەکار بێنێ و دەیەها جۆر وەرزش بکا و خۆراك بگۆڕێ تا خۆی لە قێز کردنەوەی پیاو بە دوور بگرێ ، کە دواجار ئاکامی ئەو قێز کردنەوەیە بە جۆرەها شێوە دەردەکەوێ و لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە ژنان و کچان بۆ خۆشیان دووچاری هەمان دەرد دەبن ، هەستی قێز و بێزکردنەوە ئەوانیش دادەگرێ ، بەڵام ئەمجارەیان نەك بەرامبەر بە پیاوانە ، بەڵکو بەرامبەر بە خۆیانە، چونکە دواجار دەنێو کەلتوورێکدا کە هەر لە منداڵییەوە وا دەکات توخمی مێینە قێز لە لەشی خۆی بکاتەوە تا ئەو ئاستەی دەبێ بە ڕقبوونەوە لە خودی خۆی، هەر لەو تەمەنە ناسکەوە پێی دەوترێ کە لەشی ئەو سەرچاوەی "فیتنە و فەسادە" ەو بە ئاگری دۆزەخ نەبێ قەت پاك نابێتەوە ، تەمەنی ئەم جۆرە ڕوانین و بۆچوونەش ئەوەندە مێژوویەکی کۆنی هەیە کە هەر هەموو کچان و ژنان دەگرێتەوە، هەر بۆیە سەیر دەکەین دەنێو ئەو کچ و ژنانەی کە خوێندەواریشن و بگرە زۆربەیان کە دەرچووی کۆلیژەکانیشن: خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە لە نهێنیەکانی (سێکس / سایکۆلۆژیا) دەدوێن ، بە حەرام دەزانن و بگرە بێ سانسۆر و چاودێری تێناپەڕێ، چ لە ماڵەوە و چ لە قوتابخانە و چ لە دەزگاکانەوە، بە دەگمەن ڕێکدەکەوێ کچێکی خوێندەوار بدۆزیتەوە کە لە خەمی ئەوەدا بێ نهێنیەکانی دەروون و لەشی خۆی بپشکنێ، کچ لێرە و دەنێو ئەم کەلتوورەدا بوونەوەرێکی بێ پرسیار و گومانە ، چونکە هەر لە ئەزەلەوە هەر هەموو پرسیار و گومانەکانی دەکوژن، هیچ کچێك ئامادە نییە لەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان ڕۆح و لەش تێبگات، چونکە دواجار لەشێك کە ئەوەندە قێزەون بێ ، گەرەکە بەردەوام فەرامۆش بکرێ و بکوژرێ، بە نەفرەت بکرێ، (ئەو) ێك کە تاڵە قژێکی دەربکەوێ پیاوان سەوداسەر و حەیران دەکا، وا پێویست دەکات کە هەمیشە لە خەمی خۆداپۆشین و خۆ پاکردنەوەدا بێ، من چاکم بیرە و هەر لە منداڵییەوە گوێم لەو ڕاز ە بووە کە سەدەها جار لە زاری ژنان و پیاوان

کەوتۆتە خوارێ ، ئەو ڕازەی دەڵێ " ژن حەوت دەماری شەهوەتی لە پیاو زیاترە" بەخشینی وێنەیەك بە ژن لەسەر ئاستی میللی — شەعبی — دەبێ جگە لە ترسێکی ناقۆڵا ، چی دیکە بێ؟ دەبێ ساردی سێکسی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژنانی ئەم دەڤەرە ، چی بێ جگە لەوەی کە هەر لە سەرەتاوە هەموو حاڵەتە ئیرۆسی و وزەی شاراوەی "لیبیدۆ" کوژراون. دەکرێت بڵێین ئەو کەلتوورەی کە وایکردووە کە ژنان و کچان هیچ پەیوەندییەکیان بە لەشی خۆیانەوە نەمێنێ ، ئەو کەلتوورەی وا دەکا یەکەم نامۆبوون لەگەڵ لەشی خۆتدا ئەزموون بکەیت، هەر لەو وەختەدا دەست پێدەکات کە بۆ یەکەمین جار کچەکان باڵق دەبن و خوێنیان دەجووڵێ ، هەر لە یەکەم دۆزینەوەی کانگای لەزەتدا فێر دەکرێن چۆن چۆنی ئەو کانگایانە کوێر بکەنەوە، دیارە کوڕانیش لەو حاڵەتە بەدەر نین، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کچەکاندا، کەمەکێ جیاوازترە، ئەوەشیان بە پێی خێزانەکان و دەوروبەر دەگۆڕێ، هەر ئەم سەرەتایە دەبێ بە سەرەتایەك بۆ قێزکردنەوە لە (لەش)، لەشێك کە دەیەوێ ژیانی سروشتی خۆی بژی، هەر لە نێو هەمان کەلتووردا ئەو کوڕانە گەورە دەبن کە لەگەڵ لەشی خۆیان و دەوروبەریاندا بە هەمان پرۆسەی کوشتنی "ئیرۆسییەت" دا تێدەپەڕن، هەڵبەت مرۆڤێکی ناپەیوەنیدار و فەرامۆشکراو و تووڕە، کە بە تەمەن لاویش بێ، ئەگەری ئەوەی لەبەردەمدایە بکەوێتە ناو هەر گەمە و سەرکێشییەکی نامەنتقی ، هەر کردەیەکی ناعاقڵانە کە پێویست بەوە بکات جۆرێك لە ئازایەتی بنوێنێ ، ئازایەتییەك کە لە ترسنۆکی (لەش) ەوە هاتبێ، پەلامارێك و هێرشێك کە لە متبوونی (ڕۆح) ەو هاتبێ، هەڵاتنێك کە دەرئەنجامی بێزاری و وەڕسی و ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەوە هاتبێ، ئەو ڕۆژانەی کە کت و مت لەیەك دەچن، دیارە هیچ گەنجێك نییە بە دوای جۆرێك لە وروژان و سەرچڵی نەگەڕێ، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا جۆرەها دەروازە هەیە بۆ تەقاندنەوەی ئەم وزە شاراوانە، لە خودی ناسینی لەشی ئەو دیکەوە بیگرە تا دەگاتە جۆرەها گەمە و وەرزش و بابەتی هونەر و ئەدەب، ئەو لاوە خنکێنراو و کپکراوەی کە تێزاب دەڕێژێ ، هەر کتو مت لەو لاوە دەچێ کە لە کونی دەرگای ژوورێکەوە، یان حەمامێکەوە سەیری ئافرەتێکی ڕووت دەکات، ئەو کە ناتوانێ هەموو لەشی ئەو ژنە ڕووتە داگیر بکات ، ناچار لەو کونەوە جۆریك لە برسییەتی خۆی تێر دەکات، ڕەنگە ئەوەیان مەترسی گەورەی بە دواوە نەبێ، بەڵام ئەوەی کە ناتوانێ هەموو لەشی کچێك داگیر بکا و تێزاب بە بەشێك لەو (لەش)ەدا دەکات، هەر هەمان هەوڵی تێر کردن و خەفە کردنی ورژانێك و هەڵچوونێکە کە دامرکاندنەوەی وەها ئاسان نییە، لێرەو هەنووکە، دەکرێ ئەوەی لە کونی دەرگاوە سەیر دەکا یان ئەوەی کە تێزاب دەڕێژێ، لە ئایندەدا گەر لەسەر ئەم حاڵەتە دەروونییە بمێنێتەوە ، ببێ بە بکوژی ئافرەتە شۆخەکانی سەرجادە، دوا پرسیار ئەوەیە کە بۆ چی هەندێك لە لاوەکان تا ئەو ئاستە ڕۆحی وێرانکردن و ناشرینکردن لە لایان زاڵە؟ بە قەد ئەو سەربەستییە بێ سنوور و لە ڕادە بەدەری کە لە ڕۆژئاوادا فەراهەمە، دیارە بە پێی شوێن و ژینگە و جوگرافیا جیاوازەوە، دەیەها گرفتی کۆمەڵایەتی و مۆڕالی و فەرهەنگی بە دواوەدا هاتووە، سەربەستییەك کە بۆتە مایەی هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی باوکەکان (باوك بە هەموو مانا ڕەمزیەکانییەوە) ، سەربەستی کە تا ئەو شوێنە ترسی کوشتووە، بۆتە بابەتێکی ترسناك ، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە مەعرفەتێکی قووڵی لە پاڵدا نییە ، یان ئەوەتا هەستکردن بە لێپرسینەوە و لێپرسراوێتی کەمە، لەو جۆرە شوێنانەدا سەربەستی دەبێتە مایەی جۆرێك لە شڵەژان و ونبوونی ئاراستە ڕاست و جوانەکانی ژیان، کەچی لێرە، بەهەمان ئەندازە و بگرە زۆر قورستر، سڕینەوەی هەر هەموو شێوەکانی سەربەستی و ترساندن و خەساندن و ملکەچ کردن بۆ هەموو شێوەکانی دەستەڵات و باوکەکان ( بە هەموو مانا ڕەمزییەکانی باوکەوە) ، وایکردووە ڕۆحی خاپوورکردن لەلای هەر هەمووان هەبێ، بەڵام هەر یەکەو بە شێوەیەکی جیا تەعبیر لەو تووڕە بوون و پەستی و قێزە دەکاتەوە.

تێزاب ڕێژەکانیش دەربڕی جۆرێکن لە هەڵگەڕانەوە، گەرچی هەندێك وا بزانن کە ئایدیۆلۆژیایەك لێیان دەخوڕێ، وەلێ دواجار هەڵگەڕانەوەیەکە دژ بە فەرامۆشکردن و بە پەراوێز بوون و دەستبەتاڵی و ڕۆتین، ئەوەیان دوا هەواڵی نائومێدانەیە بۆ هاتنەوە ناو جەرگەی ژیان، بەڵام بە چەکێك کە جوانی کوژ و ژیان کوژە، ئەوە دوا هەوڵی ئەوانە تاوەکو جارێکی دیکە سەربەستی خۆیان بسەلمێنن، سەربەستی ئەوەی کە دەڵێت " من دەتوانم ئەویدیکە وێران بکەم" بەڵام سەربەستییەکە دوور لە عەقڵ و جوانی، دەستپێکی ئەم جەنگە ڕاگەیاندنی کوشتنی هەموو شێوەکانی (جواندۆستی) یە لە ناو ئێمەدا: جوانییەك کە دەکرێ ڕۆح و کانگای سروشتی ژن بێ ، ژن وەکو خۆی ، ئەو هێرش و پەلامارە شەیپورێکە لێ دەدرێ، شەیپورێکە کە پێمان دەڵێ: وریا بن " بەر بەرییەکان" وان بە ڕێوە ! !

سلێمانی–2000–2001